# وانەی دووەم

## بەشی دووەم: کۆتایی سەردەمەکانی ناوەڕاست

پ.ی.د. هلز عنتر ولی

## ئەو تیۆرانەی تاووتوێی سەردەمەکانی ناوەڕاستیان کردووە جۆراوجۆرن، دەکرێ گرنگترینیان لەمانەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

تیۆری یەکەم: هەندێك لە مێژوونووسان پێیانوایە سەردەمی رابوون (النهضة –رێنیسانس) هەردوو مێژووی ناوەڕاستو نوێ جوودا دەکاتەوە، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو پەرەسەندنە بەرفراوانانەی سەرجەم بوارەکانی گرتەوە، بە جۆرێك هەتا نووسەرانیش دەستبەرداری لاتینی بوون –کە لە سەردەمەکانی ناوەڕاست زمانی نووسین بوو و لە لایەن دەستەیەکی کەمیشەوە پاوانکرابوو– دەستیاندایە نووسین بە زمانە خۆجێییەکان، دانتی ئەلیغێری (1256-1321ز) دیارترینی ئەوانە بوو کە دەستبەرداری نووسینی لاتینی بوو، نووسینەکانیشی کە دیارترینیان –کۆمیدیای خوداوەندی الكوميديا الالاهيه بوو بە زمانی ئیتاڵی، پاشان ئەوانەی دیکەش بە فەرەنسی و ئینگلیزی نووسییان، گومان لەوەدا نییە کە ئەم گۆڕانکارییە لە زمانی نووسین وای لە زۆرینەی خەڵکی کرد لە نزیکەوە نووسینەکانی ئەو نووسەرانە بخوێننەوە.

هەروەها پیاوانی هونەریش –هونەرمەندان– لە سەدەی پانزەیەمی زاینی توانییان لە نەریتەکانی سەردەمەکانی ناوەڕاست دەربازیان ببێتو هونەرێك پێشکەش بکەن جیاواز بێت لە بابەتە مرۆڤایەتییەکانی دیکە، لە جیاتی دەربڕینو نووسین دەربارەی ئەوانەی لە ئینجیلو کتێبە پیرۆزەکانی دیکەدا هەبوون.

تیۆری دووەم: هەندێکیتر دەرچوونو وازهێنان لە کلێسەو بیروباوەڕەکانی کە بەسەر کۆمەڵگەی سەردەمەکانی نـــاوەڕاستدا زاڵبوو بە گواستنەوەیەك دادەنێن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، ئەوانە بزووتنەوەی چاکسازیی ئایین کە لە سـەدەی چواردەیەمدا دەستی پێکرد بە بانگەوازێك دادەنێن بۆ کۆتاییهێنان بە سەردەمەکانی ناوەڕاست، دیارترین کەسێکیش لە سەرەتاوە نوێنەرایەتی ئەو بزووتنەوەیە بکات یۆحەننا ویکلف (1330 -1384)و یۆحەننا هس (1373 –1415ز)، بوون، کە بزووتنەوەکەیان زەمینـەسازی بوو بۆ بزووتنـەوەی چـاکسـازیی پرۆتستانتی کە مارتن لۆسەر (1483–1546ز) سەرکردایەتیی دەکرد، لە دەرئەنجامەکانیشی پووکانەوەی کەنیسەی لاتینی و نەمانی سامو شکۆی بوو.

تیۆری سێیەم: هەندێکیتر لە مێژوونووسان ساڵی 1453 بە مێژووی گونجاوی جیاکردنەوەی نێوان سەردەمەکانی ناوەڕاستو هاوچەرخ دادەنێن، چونکە ئەو ساڵە دوو ڕووداوی گرنگ بەخۆوە دەبینێتو کاریگەریی گەورەو بەرچاویان لەسەر ئەوروپا هەبوو لە بوارە جیاوازەکان، لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا قوستەنتینییە بە دەستی عوسمانییەکان ڕووخێندرا، بەڵام لە ڕۆژئاوایدا کۆتایی بە جەنگی سەد ساڵەی نێوان فەرەنساو ئینگلتەرا هات.

تیۆری چوارەم: بزووتنەوەی پشکنینە جوگرافییەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئەورووپاو سەرانسەری جیهان هەبوو، بۆیە هەندێك لە مێژوونووسان بە دەستپێکی سەردەمی نوێ دەستنیشان دەکەن، بە جۆرێك کەشتیەوانی پورتوگالی بارتلیمیۆ دیاز (1450 -1500ن) رێگەی سەری (الرجاو الصالح)ی دۆزییەوە، پاشان فاسکۆ دی گاما (1469 -1524ن) یەکەم گەشتی دەریاوانی لەم رێگەیەوە بۆ هیند لە نێوان ساڵەکانی 1497- 1498) دەست پێکرد.

لە هەمان بواردا کریستۆف کۆلۆمپس (1451 -1506ن) دەرکەوت کە لە ساڵی 1492 ئەمەریکای دۆزییەوە، ئەمەش ئەو ساڵەبوو کە زۆرێك لە مێژوونووسان بە کۆتایی سەردەمەکانی ناوەڕاستو دەستپێکی سەردەمی هاوچەرخ دایدەنێن، بە تایبەتی رووداوێکی دیکەیشی بەخۆیەوە بینی، کە گرنگییەکەی لەوەی پێشوو کەمتر نەبوو، ئەویش رووخانی شانشینی غەرناتە بوو دوا مۆڵگەی موسڵمانەکان لە ئەندەلووس.

# وانەی دووەم– بارودۆخی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی هەتا کۆتایی سەدەی سێیەم